کۆمەڵگای سەرمایەداری لیبڕالیسم و بەرەو تۆتالیتاریسم.. ئەکرەم سەعید

چەند سەرنجێکی ڕەخنەگرانە لە (کۆمەڵگای کراوەی کارل پۆپەر)

بۆچی باسی کۆمەڵگای کراوە دەکەین؟ لەبەر ئەوەی لەم سەردەمدا، تەنانەت ئازادی وعەقڵانیەتی بەرژوەندی لایەن بزووتنەوە کۆنەخوازەکان و ڕاسیسمە نوێکانەوە دژایەتی دەکرێت، یان بگومانەوە سەیر دەکرێت. دونیای ئەمڕۆکە پڕە لە پشێوی و ئاڵۆزی، بەتایبەتی کاتێک تۆ میتۆدی ڕووبی مارکسیزمت نەبێ بۆ شرۆڤەکردن، ئیدی لە ناو گوتاری میدیا و سیاسەتمەدارانی چینی دەسەڵاتدار کە بانگەشەی ڕاستییەکان بۆ خەڵیان دەکەن، دووچاری سەرگێژە دەبیت، چونکە بەرژوەندکان ناتوانن وەڵامێکی زانستیانە بۆ هەڕەشەکانی: قەیرانی ئابووری، زیادبوونی بزووتنەوە پۆپۆلیستەکان و ڕاسیسمەکان، شەڕەکان، نایەکسانی و گەندەڵی، لە جیهانی ئەمڕۆدا بدۆزنەوە.

کۆمەڵگای کراوە چییە؟ کارل پۆپەر دەڵێ: (کۆمەڵگایەکە ئازادی بە تاکەکان دەدات ڕەخنە لە دەسەڵاتی حکومەت بگرن و تەنانەت بیگۆڕن.)، و (کۆمەڵگای کراوە کۆمەڵگایەکی دیموکراسییە کە دیدێکی دیاریکراو، ئایدیاڵ، کۆتایی بەڕەوناچێت، بەڵکو بۆ هەنگاوی یەک لە دوای یەک بۆ ڕێنمایی هەوڵێکی بەردەوام بۆ گۆڕکردن و پشکۆتن، هەوڵێک کە کراوەیە بۆ بیرکەوتەکان.). ئەم دیدگاکی لیبرالیسمە پۆپەر پشکێشی دەکات. لە ڕاستیدا لە خولی بۆژانەوەو سەقامگیریدا، واتە لە خولی ئاسایی گۆشەی سەرمایەداریدا، ووتاتکانی سەرمایەداری غەرب تا ڕادەیەک کۆمەڵگای کراوە بوون بۆ مانا لیبڕالیسمە، واتە تەنها بە ڕادەیەک کراوە بوون لە مەیدانی سیاسیدا.

(زەر جار ئەوە دەبیستین کە تۆتالیتاریزم سەرئەنجام بە جەرگە لە جەرکان حەتمیەو بۆ خۆڵبواردن ناشێت. گەڵە لەو کەسانە کە بەهای هەش و خوەندنیانەوە دەبێت لە بەرامبەر ئەو شتەی دەیڵێن بە بەرپرس بزانرێن، جاێ ئەوە دەدەن کە هیچ ڕەگاکی دەربازبوون لەمە نییە.) کارل پۆپەر کتێبی (کۆمەڵگای کراوەو دوژمنەکانی)- پشکی/ لاپەڕە ۱۹/ وەرگێڕ: ئیدریس شێخ شەرەفی.

سەرنج بە پۆپەر خێ ڕای وایە کە ئەو کەسانەی بەوایان بەوەیە کە

(لە سیستەمی سەرمایەداریدا لیبەرالیسم و تۆتالیتاریسم دووانەیەکی یان دوو دیووی یەک دراون) دەبێ "بە بەرپرس بزانرێن" چونکە جاری وایە دادگەکان لە تاوانێکی پڕ ئاژاوە ناگونجێ. یانی چی؟ داخۆ دەیاندەن بە دادگا و سزایان دەدەن؟ بابپرسین ئایا ئەوانە مافی ئازادی ئاڵوگۆڕیان نییە لە کۆمەڵگەی کراوەکەی پڕ پڕ ردا؟. کارل پۆپەر هەر کەسێک لیبڕاڵ نەبوایە وەک دوژمنی کۆمەڵگەی کراوە سەیری دەکرد.
تادێت ڤوونتەر دەبێتەوە کە لیبڕالیزمی ئەمڕۆ خەریکە دەبێتە تۆتالیتاری. دەسەڵاتدارانی غەرب لە ڕێگەی لابردنی پلاتفۆرم و گرووپانی دەستوور کە ئازادی و مافە کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکی مسۆگەر دەکرد، سەرکوت و سانسۆر زیاتر دەکەن. هەرکەسێک لیبڕالیزم نەبێت لەلایەن لیبڕالیزمی هاوچەرخەوە وەک دوژمنی کۆمەڵگەی کراوە تەماشا دەکرێت کە دەبێت سەرکوت بکرێ. تۆتالیتاریزمی لیبڕاڵ، هاوشێوەی ژمارەیەکی تۆتالیتاریکانی دیکە، لەسەر کولتووری لە ناوبردنی دوژمن و سەرکوتی نەیاران دامەزراوە. لە تۆتالیتاریزمی لیبڕاڵدا نالیبڕاڵەکان بە "فاشیست"، "ستالینیست"، "تیرۆریست"، "تووندڕەو" ناوزەد دەکرێن و بە دوژمن دادنرێن کە پێویستە سەرکوت بکرێن و سزا بدرێن. بەوانە سەرکوتی بزووتنەوەی هیلەکی زەردەکان و بزووتنەوەی دژی گۆڕینی تەمەنی خانەنشینی لە فەرنسادا، هێرشەکانی سەرکوتی ئەمەریکای بەریتانیا بە بزووتنەوەی هاوپشتی لە غەزە. هەرکاتێک سەرمایەداری دووچاری قەیرانی گشتی بووبێ، دەسەڵاتدارانی ئاستەوی بەرژوازی کۆمەڵگەی کراوە بەرەو کۆمەڵگەی داخراو، بەرەو کۆمەڵگەی جەنگ پاڵپشتوە دەنێن، ئیدی عەسکەرتاریسم و تۆتالیتاریسم بە بەسەر کۆمەڵگەدا دەکشێ، وەک ئەمەکە لە ئەورووپادا دەیبینین.
کۆتا کۆمەڵگە چەندە کراوەیە یان داخراوە مەسەلەکی گرنگیە، و بەندە بەستراوە بە هەلومەرجی ئابووری و سیاسی لەکاری و جیهانییەوە.

کۆمەڵگەی کراوەی بە چ مانایەک؟!

مانای کۆمەڵگەی کراوە چییە؟ لە ڕاستیدا پۆپەر مانایەکی ئیبستەمۆلۆژی دەبەخشێ بە کۆمەڵگەی کراوە، بەیە زۆر نەچێتە باسکردنی کۆنکرێت و پێناسەی ئەو مەدەلە لە کۆمەڵگە. گرنگ کۆمەڵگەی داخراوی سڤێت بهێنرێ بەرچاوی خۆت و پێچەوانەی کراوە. بەڵام دەتوانین هێندە تایبەتمەندی ئەو کۆمەڵگەیە لە لاپەڕەکانی کتێبی (کۆمەڵگای کراوەو دوژمنەکانی) بدۆزینەوە.
(کۆمەڵگەی جادویی یان خەڵکی یان کۆگرا، بە کۆمەڵگەی داخراو ناوزەد دەکەین، و ئەو کۆمەڵگەیەی کە تاکەکان تێیدا لەگەڵ بەیاری تاکەکەسی بەرەووون بە کۆمەڵگەی کراوە ناو دەبەین.) – کارل پۆپەر / کۆمەڵگەی کراوەو دوژمنەکانی/ و: ئیدریس شێخ شەرەفی) – بەرگی

یەکەم/ بەشی ۱۰/ لاپەڕە ۳۸۷. (گرنگترین تایبەتمەندی کۆمەڵگای کراوە ڕکابەرایەتی ئەندامەکانیەتی بۆ بەدستهێنانی پلەی)- هەمان سەرچاوە/ لاپەڕە ۳۸۹.

کۆمەڵگەی کراوە ئازادی بۆ تاکەکان دەدات، تا بتوانن ڕاخنە لە دەسەڵاتی حکومەت بگرن و تەنانەت بیگەڕێنن، بۆ ئەوەی پاڵپشتی بۆ بکارهێنانی تۆندوتیژی بسڕێتەوە. واتە کۆمەڵگەی کراوە سیستەمی دیموکراسییە کە میکانیزمێکی دامەزراوەیی بۆ چاکسازی و ئاوگۆڕی دەسەڵات و دەستاودەستکردنی، بەبێ ئەوەی پاڵپشتی بۆ خوێنڕشتن و شۆڕش هەبێت.

پۆپەر دەیگوت لیبراڵ دیموکراسی باشترین فۆرمی حکومەتە، و مەدلی دیموکراتییەتی ووڵاتانی سەرمایەداری ڕۆژئاوا نموونەیە، چونکە لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە، دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی حکومەتکان بەبێ پاڵپشتی بە خوێنڕشتن و شۆڕش، چوار ساڵ جارێک بە دەنگدان، ئاوگۆڕیان بەسەردا هاتووە. پۆپەر نووسیبووی: (دەتوانین ڕێگای گۆڕانەوە بە ئاژاوەکان بگرینە بەر. بەڵام ئەگەر بمانەوێت بە مرۆڤی بمێنینەوە، لە ڕێگایەک زیاترمان نییە و ئەویش ڕێگای چوونە ناو کۆمەڵگای کراوەیە و بەس) – کارل پۆپەر/ کتێبی(کۆمەڵگای کراوەو دوژمنەکانی) – بەشی۱۰ /لاپەڕە ٤٢٨.

ئەم هاوشێوەی هۆشداری و پێشبینیکەی مارکس و ئەنگلسە کە لە "مانیفێستی کۆمۆنیست" نووسیبوویان:(یان سۆسیالیسم یان بەربەریسم)؛ ئەمە یانی بە بڕوای مارکس و ئەنگلس ئەگەر شۆڕشی سۆسیالیسمی نەکەین بەسەر سەرمایەداریدا و کۆمەڵگای سۆسیالیسم دانەمەزرێنین، ئەوا لە نێو کۆمەڵگای سەرمایەداریدا دووچاری هەموو جۆرەکانی قەیران و چەوساندنەوە دەبینەوەو دەبینە بەربەری.

جیاوازی هۆشداری و پێشبینیکەی پۆپەر لەوەدایە کە ئەو کۆمەڵگەی کراوە کە خاوەنی سیستەمێکی لیبڕاڵی دیموکراسییە، بە مەرجی خەباتێکی لە گۆڕانەوە بە بەربەریسم دەزانێ.

ئەمەکە زۆرێک لە نووسەرانی غەیری سۆسیالیستی بە جیهانی ئەمەکە دەڵێن:(لیبڕالیسمی دەندە/ لیبڕالیسمی تووندەو)، ئەمە یانی کۆمەڵگەی کراوەی سەرمایەداری و سیستەمە لیبڕاڵە دیموکراسییەکەی بەرژوازی کە فەیلەسوف و چوارسالە جارە هەڵبژێرادن سازدەکرێ، و دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی حکومەت بە ئاشتیانە لە زۆرێک لە ووڵاتاندا دەستاودەست دەکات، لەمپەر نییە تا بمانپارێزێ جیهان نەچێتە نێو خولەکی دەندەیی.

هەروەها ئەم دەستاودەستی ئاشتیانەی دەسەڵات مرۆڤکانی نەپاراستووە لە دەندەیی، چونکە چوارسالە جارێک یان زیاتر، گۆڕینی دەسەڵاتی حکومەت:لە ئەمریکا(لە بەش بە کلینتۆن، لە جۆرج بەش بە

ئوباما، لە ئوباماوە بۆ ترامپ، لە ترامپەوە بۆ بایدن)، یان لە سوید (لە حیزبی سۆسیال- دیموکراتەوە بۆ ئەحزابی ڕاستڕەوەکان)،، هتد، ئەمە دەستاودەستی دەسەاتە لە نێوان باڵەکان و ئەحزابەکانی بەرژوازیدا. ئەمە ئەرزش و سوودی چییە بۆ خەڵکی کرێکاران و هەژاران؟! کاتێ هەلومەرج ڕۆژ داوی ڕۆژ خراپتر دەبێ، و کێشەکان و چەرمەسەرییەکان هەر وەک خۆی باقییە، وە هیچکام لەم حکومەتانەی ئەحزابی بەرژوازی لە سەرکوت و هەژارکردنی خەڵکی زیاتر، بەدیلی دەرباز بوونی لە قەیران و نائەمنی کۆمەڵگای پێ نییە. یانی جیهانی سەرمایەداری ئەمرۆ لەسەر لێپی دەوزەمەکدایە، لە نێو قەیران و پشێویی و جەنگدا، دەسەات و ئێپزیسیۆنی بەرژوازی یەک لەوی دی بەدترن، ئیدی ئالگۆڕی ئاشتیانەی دەسەات لە نێوان ئەحزابەکاندا هیچ چارەسەری ڕاستقینە نییە بۆ دەرباز بوون لە قەیرانەکان.
بۆیە مرۆڤ ئەمەکە وەک (مەریس کورنفەرس) دەتوانێ پرسیار ئاراستەی هاوڕەگەزەکانی پێپەڕ دەربارەی کۆمەڵگای کراوە بکات و بپرسێ:(ئایا کۆمەڵگەیەک کراوەیە کاتێ بەرهەمهێنانی کۆمەایەتی بەندو بەستراو بە بە مسۆگەرکردنی زێدەبایی و کەڵکەی سەرمایە؟ واتە کاتێ قازانج و ئیمتیازاتی هەندێک بەندە بە چەوساندەوەی کاری ئەوانی تر؟!. وە ئایا بەڕاستی ئەقڵی کەسێ کراوەیە ئەگەر توانای بینینی ئەو حاڵەی کۆمەڵگەی سەرمایەداری نەبێ؟!.) – مەریس کورنفەرس – کتێبی/ دفاعا عن الماركسية/ لاپەڕە ١٥/ کتێبەکە بە زمانی عەرەبی هەیە.
لە ڕاستیدا لەم سەردەمەدا کەسێ دەستاودەستکردنی دەسەاتی حکومەت لە نێوان ئەحزابی بەرژوازی، و ئیسڵاحی گچکەی بەرژوازی بە بنەمای کۆمەڵگەی کراوە بزانێ، لە خەشخەیاڵ و ساویلکە زیاتر هیچی دی نییە.
پێپەر خۆشی هەستی بەو خەشخەیاڵییە کردووە، بۆیە نووسیبووی: (لەگەڵ تێپەڕاندنی ساڵەکانی پاش جەنگ، بەشی زۆری ئەو پشنیارانەی خستوومەتە ڕوو لە هەموویان دیارتر ئەو هەستە گشبینییە بەهێزەی کە بەسەر کتێبەکەدا بەاوبەتەوە، ڕۆژ دوای ڕۆژ وەک هەستێکی سادەو ساویلکانە دەهاتە بەرچاوم، دەنگم هەدی هەدی وەک دەنگی لە ڕابردوو دوورەکانەوە بە گوێم دەگەیشت، وەک دەنگی یەکێک لە ئیفەرمیستە کۆمەایەتییە گشبین و بەهیواکانی سەدەی هەژدە یان تەنانەت حەڤدە.). – دیباچە بە چاپی دووەم – هەمان سەرچاوەی کێبی (کۆمەڵگای کراوە و دوژمنەکانی).
لەو ساتانەدا کە سەرکردە سیاسییەکانی بەرژوازی، وەک گەمژە و کلاون/ مووهەریج لەلایەن خەڵکەوە گاتەیان پێدەکرێت، و ئەو سەرکردانە وەک تارماێکی ڕابردوویەکی نادیار لەسەر شانۆی سیاسەت لە ناکاو دەرکەوتوون، و خەڵکی جیهان دەترسێنن، ئیدی شیکاری

هەلومەرجی ئابووری و سیاسی بۆ سەرمایەداری سەردەم دەبێ بە زۆرەتەک، تا لە مەسەجی تارمایەکانی بەرژوازی لە هەلومەرجی ترسناکی دونیا، باشتر تێبگەین.
ئەو پرسیارەی لێرەدا گرنگە وەڵامی بدەینەوە: بۆچی تاادەکی زۆر کەمپەینگەکانی سەرمایەداری غەرب کراوەترن لە چاو تێژەهەڵات کە زۆرکات دەسەڵات ئیستبدادی و سەرکوت، و کەمپەینگەکی داخراوە؟!.

دوو هۆکاری ئابووری و سیاسی کەمپەینگی داخراو لە تێژەهەڵات:
لە سەردەمی دامەزراندنی سەرمایەداری، کۆلۆنیالیسمی کلاسیک و دواتر ئیمپریالیسم، ووڵاتانی غەرب سامانی ووڵاتانی جیهانی بەناو سێیەمیان بە خۆیان بردووە. ئەو کۆلۆنیکە سەرمایە مەزنەی غەرب کە بنەمای دەوڵەتی ڕفاه و خۆشگوزەرانەکی تێژیەیە لە غەربدا، پایەی کەمپەینگەی کراوەیە لەوکاتە دیارە لەسەر حیسابی هێزاریکردنی کرێکاران و خەڵکی ڕنجدێری ووڵاتانی جیهانی سێیەم، غەرب تا ئادەک و بە ماوەکی مەژووی سەرخانی لیبڕاڵ و کەمپەینگاکەی کراوە بوو -(هەروەها کەبەکەی تێژاوای خاوەن کەمپەینگەی کراوە دژی یەکیەتی سۆڤیەتی خاوەن کەمپەینگەی داخراو لە ساڵانی جەنگی سارد، ئێستا هەبووە لە دژکووتنی غەرب وەک جیهانەکی ئازاد). هەر کاتەکیش بزووتنەوەک و سەرکردەک لە ووڵاتانی جیهانی سێیەم پەیدابووبێ، و ئامانجی گەینی هەلومەرجی ئابووری ووڵاتەکەی و دامەزراندنی کەمپەینگای کراوەی هەبووبێ، زۆرک لەو بزووتنەوانە لەلایەن غەربەوە سەرکوت کراون، وە سەرکردەکانیان تیرۆرکراوە نموونەی: "موسەدەق" لە ئێران، وە "سەلڤادۆر ئالێند" لە ووڵاتی شیلی.لە هەلومەرجی سەرمایەداری دەندەی جیهانی ئەمڕۆدا، لە ڕوی سەرخانی کەمپەینگەوە، خۆریکە شەوەی ئایدەلۆژی دەوڵەت، شەوەی حکوماتی سەربازی یان مەدەنی، دیموکراتی یان نا دیموکراتی بایەخی نامێنێ، چونکە چ لە تێژەهەڵات و چ لە تێژاوادا، دەسەڵاتی نوێنەرانی سەرمایەداران بەرەو ئیستبدادی و کۆنەپەرستی وەردەچەرخێن. گەر لە هەندێ جێگای دونیادا هێشتا "ئازادی تاکەکەسی و مافی مەدەنی لیبڕاڵی" ماب، ئەوەش لەژێر هەڕەشەدایە. بۆیە خەبات لەسەردەمی ئەمڕۆدا گەر بە دامەزراندنی کەمپەینگەی سۆسیالیستی نەبێ، ئەوا لەتەک هەلومەرجی بابەتی و هێوتی مەژوودا ناکۆکێ، و لە کۆتاییدا بە ئەنجامێ. مرۆڤایەتی ئێگەر لە سەردەمەکەی خۆی تێنەگات، ناتوانێ بیگۆڕێ. سەردەمی ئێستا؛ نە شارستانییەت، نە ئازادییەت، نە مەدەنییەت، بەڵکە جەنگەستانی سەرمایەداری بەربەریسمێ. تاکە ڕێگا بۆ ڕزگاربوون لەم جەنگەستانە شەشی سۆسیالیستییە.

میتودی شیکردنەوەی پێپەر بە تۆتالیتاریسم
کە دەچیتە ناو سیاسەت هەشت بەختەوە بە، چونکە تە چوویتە ناو ئاهەنگی دەمامک پۆشین/ حفلة تنكرية / costume party.
نزیکەی هەشتا ساڵ لەمەوبەر لە نێوان ساڵانی ١٩٣٨ – ١٩٤٣ کاتێ پێپەر کتێبێکەمەنگای کراوەو دوژمنەکانی نووسیووەو ساڵی ١٩٤٥چاپ کراوە. تائێستاش ئەم کتێبە هاوڕاو ناخنەگری هەیە. (ئەم کتێبە،، هەندێ لەو کەشانە دەخاتە بەر باس کە شارستانیەتی ئەمە لەگەڵیدا بەرەو ڕوەیە،، گەڕانەوە بە کەمەنگای داخراو "خێڵ پەرستی"، تۆتالیتاریسم.) -کەمەنگای کراوەو دوژمنەکانی- بەرگی یەکەم – و: ئیدریس شێخ شەرەفی) پێشەکی کتێبەکە/ لاپەڕە ١٨. (هەوڵی ئەم کتێبە بە یارمەتی دانی تێگەیشتنمانە لە تۆتالیتاریسم و گرنگی و مانای خەباتی هەمیشەیی لە دژی چەکراوەتەوە.) -هەمان سەرچاوە/ لاپەڕە ١٨.
هەر ئەم دوو کورتە پەڕەگرافە لە پێشەکی کتێبەکەدا وا لە خوێنەر دەکات باسەکەی لا گرنگ بە، چونکە کە هەیە گەر ئازادیخواز بە نیەوە لە تۆتالیتاریسم تێبگات و خەبات دژی نەکات؟!، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە پێپەر تۆتالیتاریسم تەنها لە سەرخانی کەمەنگەدا (حکومەت و دەوڵەت) قەتیس دەکات، و توێژینەوەکانی ناچێتە سەر بنەمای پەیوەندیەکانی کەمەنایەتی، و ئاڵۆگۆ و ێشەی تۆتالیتاریسم لە تەنەکانی پەیوەندی ئابووری کەمەنگەدا باس ناکات، و بە دژینەوەی هەکار و سەرچاوەی تۆتالیتاریسم، پێپەر تەنها دراسەی میتودی میژووگەریی فیلەسوفانی وەک (ئەفلاتەن، هیگڵ و مارکس) دەکات. ئەم میتودەکی ئایدیالیستییە لە توێژینەوەی دیاردە سیاسیەکاندا.
پێپەر ەای وایە ئەوەی ئەستا بە تۆتالیتاریسم دەیناسین، سەر بە نەریتەکە کە میژووەکەی دەگەڕێتەوە بە خودی شارستانیەتەکەمان. نووسەر ناخنە لە "ئەفلاتون و هیگڵ و مارکس" دەگرێ و تاوانباریان دەکات بەوەی ئەم بیرەندانە پێیانوی (میتودی میژووگەریی) دەکەن، کە میتودەکی داخراوەو دەبێتە هەکاری دامەزراندنی کەمەنگاەکی داخراو.
تیەری تۆتالیتاریسمی پێپەر سەرنجی جەڕەک لە پەرسەندنی هەڵەی میتودی میژووگەریی لە(ئەفلاتونەوە بە مارکس)ی داوە. ئەم جەڕە دراسەیە ئامانجەکی زەر سادەی هەبووە: وەناکردنی هەردوو تۆتالیتاریسم و لیبرالیسم وەک دوو مەدڵی تائەبەد جیاواز، کەسەر بە هەلومەرجی ئابووری و سیاسی میژوو نین، بەکو سەر بە خودی میتودی فکری ئەو مرۆقانەن کە خوازیاری دامەزراندنی دەسەاتی تۆتالیتاریسمن.
بەای پێپەر مارکس کاتێ دراسەی یاساکانی کەمەنگەی سەرمایەداری

کردووە، بە "میتودی مێژووگرایی" پێشبینی گەلان و گۆڕی سەرمایەداری کردووە، و لەڕووە مارکس پێشگۆیی کردووە بە مێژوو. بەپێ بیروباوەڕی مارکس جۆرەهرگرێری و دەگمایی، کە ئەنجامەکەی فکری داخراو دروست دەکات، کە لە سەردەمی ئەمەدا دەبێتە هۆکاری دامەزراندنی دەوڵەتی تۆتالیتاریسم و کەمەنگەی داخراو.

(بڕوانە شرۆڤەی پێپەر پێوەندیەک لە نێوان تۆتالیتاریسمی میتەدەلۆژی و سیاسیدا دیاری دەکات: یەکەمیان وەک بنەڕەتی پاساوی لۆژیکی و فەلسەفی بۆ دووەمیان دابین دەکات. لە ئەنجامدا، پووچەڵکردنەوەی لۆژیکی یەکەمیان، مەحاڵبوونی ڕاستەقینەی دووەمیان دەسەلمێنێت.) – Studies in Critical Philosophy - کارل پێپەر و کێشەی یاسا مێژوویەکان ~ هەربێرت مارکیۆز/ ساڵی ۱۹۵۹ بڕوانە/ Karl Popper and the Problem of Historical Laws / Marcuse, Herbert [I959].

هەبێت بیروباوەڕی ئینسانەکان جۆرێ مۆزنیان هەیە لە مێژوودا، وەکاتێ بیروباوەڕ بۆ جەماوەری دەبێت، مارکس ووتەنی: "دەبێتە هێزێکی ماتریالی و کەمەنگە دەگوڕێت"، بەڵام بیروباوەڕ لە هەلومەرجێکدا دەتوانێ هەم بۆجەماوەری ببێت، وە هەم جۆرێ مۆزن بگێڕێ، چونکە ڕاکان لە ئاسمانەوە دانابەزن بۆ مرۆڤەکان، وە بیروباوەڕەکان بە هێکەوت وەک قارچکەکان لە دارستانێکدا ناڕوێن، بەڵکە ناتوانرێ تەنها بە دراسەی بیروباوەڕ لەخۆیدا وەڵامی پرسیاری ئەوە وەرگیرنەوە کە بۆچی (بیروباوەڕ حوکمی دونیا دەکات)، دەبێ بە دڵنیاوەی دروستی زانیستیانە بە هەکارەکان نەک تەنها لە دەقەکانەوە، بەڵکە لە هەلومەرجی ژیانی واقیعی ئینسانەکانەوە لە کەمەنگەدا بکۆڵینەوە، و بزانین ئەم بیروباوەڕانە لە کوێوە لە چ پێویستیەکەوە سەرهەڵدەدەن.

(مەفهومی ئایدیالیستی بە مێژوو لەسەر ئەو تەفسیرە دامەزراوە کە گۆڕی مێژوو بەندە بە گۆڕی سروشتی مرۆڤ و بیروباوەڕ و ڕاکان، وەک ئەوەی بیرمەندانی سەدەی هەژدەهەم دەیانگووت.) – فەلسەفەی مێژوو و مەفهومی ماتریالیسم بە مێژوو/ بلیخانۆف/ لاپەڕە ١٦.

(نەخێر ڕای مرۆڤەکان و سۆزەکانیان ناکەوێتە ژێر هێکەوتەوە، بەڵکە لە گۆشەو سەرهەڵدانیاندا دەکەونە ژێر هەندێ یاسا کە دەبێ دراسە بکرێن. ،، گەر بڕواتان وایە کە (بیروڕا حوکمی دنیا دەکات) بەڵام حوکمی دنیا ناکات بەشێوەیەکی تەها، بەڵکە ئەویش بە دەوری خۆی مەحکومە، بەیە باشترە باسی هەکارە قوڵەکانی بزووتنەوەی مێژوو بکەین.) – هەمان سەرچاوە/ لاپەڕە ٢٣.

(لە دەخی کەمەنیزمدا فاکتەرە بنەڕەتیەکانی تیرەر سروشتەکی زەر جیاوازیان هەیە. کەکوژی هاوسات بوو بە "پلانی پێنج ساڵەی یەکەم"

لە ڕووتی بەگشتیکردنی گۆشەی پێشسازیی توندوتیژدا ڕووبدا، کە لە دژی دانیشتووانێکی دواکەوتوو، بەباکانە، یان دوژمنکارانە ئەنجامدرا. تەنانەت ئەگەر مرۆڤ چەمکی مارکسی سەبارەت بە یاسا نهێنیەکانی گۆشەسەندنی مێژوویی تا ئێو ڕادەیەکی درێژ بکاتەوە کە پێشسازیی پێشکەوتوو وەک پێشمەرجێکی حەتمی بۆ سۆسیالیزم دیاری بکات، ئەوا ساختە بتوانین بڵێین ئەم تێوانینە هیچ پەیوەندیەکی یەکلاکەرەوەی لە سیاسەتی ستالینیزمدا هەبووە. بنیاتنانی خەرای توانای ئابووری و سەربازی کەمپگەی سۆڤیەت بۆ ئاوەی بتوانێت بەرگەی مەترسی سەرمایەداری و بۆ تایبەتی فاشیزم بگرێت، وەک هەزی بزوێنەری ئەم سیاسەتە دەردەکەوێت و پێویست ناکات هیچ فەلسەفەیەکی شمولی ڕوونی بکاتەوە. دراسەی تیەری بەهەی پلانی ستالینییەوە جامدکرا نەک تەواوکرا. سەبارەت بە پاکتاوکردنەکانی ناوەڕاست و کەتایی سیەکان و دواتر دیسانەوە کەتایی چلەکان: ناتوانم بزانم چۆن بۆ خۆیاڵیش بۆ دەگەڕێندرێنەوە بۆ چەمکەکی فەلسەفی.) – کارل پۆپەر و کۆشەی یاسا مێژوویەکان ~ هەربەرت مارکیوز – لاپەڕە ١٩٦/ ساڵی ١٩٥٩ بەڕاوکراوەتەوە/ Studies in Critical Philosophy / Karl Popper and the Problem of Historical Laws [I959] / Marcuse, Herbert.

گەر نووسەر بەوای وابێ کە میتودەکی فەلسەفی (مێژووگەریی) هەکاری دامەزراندنی دەوڵەتەکی تەتالیتاریسمە، ئەی کەواتە دیاردەی ناکەکی و ململانێی باڵەکانی نێو بزووتنەوەکی سەر بەو فەلسەفەیە چۆن شرۆڤە دەکرێ؟!. هەموو خوێندنەرەکی مێژووی بزووتنەوەی سۆسیالیستی جیاوازی نێوان (کاوتسکی و لینین و ڕۆزا)، و جیاوازی نێوان (ستالین و تروتسکی) دەزانێ.

لە ڕاستیدا وەسوەسەی تەتالیتەریسم لە هەموو بزووتنەوە فکری و سیاسیەکانی سەردەمدا بوونی هەیە. هیچ بزووتنەوەکی فکری و سیاسی لە کەمپگای مەدەرندا: "کۆنەپارێزان، لیبەالیسم، سۆسیالیسم" نیە کە لەنێو باڵەکانیدا میلەکی دەسەاتی شمولی نەبوو بێ. لە سۆسیالیسمدا باڵی (سەرمایەداری دەوڵەتی/ ستالینیسم و ماو) بوونی هەبووە، لە بەرامبەریاندا باڵی (ڕۆزا، کاوتسکی، تروتسکی، کاڕکەش) ڕەخنەگر بوون. هەر لە ساڵانی ١٩٠٥دا (ڕۆزا) ڕەخنەی لە ئیستبدادی بلشفیکەکان گرتووە. داخە ئەم باڵە جیاوازانە هەمویان بەوایان بە میتودی (مێژووگەریی) بووە؟!. گەر میتودی (مێژووگەریی) بنەمای فکریانە، کەواتە بۆچی جیاوازن؟!. میتودی فکری وەڵامی ئێو پرسیارە نادەنەوە، لەبەوە دەبێت جیاوازی باڵەکان دراسە بکەین کە ڕوانگەی جیاوازیان هەبووە. هەروەها لیبرالیسمی کلاسیکی دوو باڵی جیاوازی هەبووە، وە لەم سەردەمدا جیاوازی باڵی لیبەالیسمی سیاسی

و لیبرالیسمی ئابووری، دوایی زاڵبوونی لیبرالیسمی نوێ، زۆر شەفافتر دەرکەوتووە، و باڵی لیبرالیسمی ئابووری (لیبرالیسمی بازاڕی ئازاد – لیبرالیسمی نوێ) مەیلەکی تۆتالیتاریسمی هەیە.

پێشبینیەکەی پێپەر: کۆمەڵگەی ئۆبستراکت

کارل پێپەر لە کتێبی (کۆمەڵگەی کراوە و دوژمنەکانی)دا ئەم چەند دەستە لەسەر (کۆمەڵگەی ئۆبستراکت) دەنووسێ:

(لە ئەنجامی لەدەستدانی کارەکتەری ئەرگانیکی، کۆمەڵگەیەکی کراوە هەنگاو پلە بە پلە ببێتە ئاوەی کە من حەز دەکەم ناوی لە بنەما (کۆمەڵگەیەکی ئۆبستراکت). لەوانەیە تا ئادەیەکی بەرچاو سیمای کۆمەڵگەیەکی کۆنکرێتی یان ئاستەقینەی مرۆڤەکان، یان سیستەمێکی ئاو جۆرە گروپە ئاستەقینەیانە لەدەست بدات. ،،، ئەم خاڵە بە دڵگەرمن درک کراوەو دەتوانین بە پەنا بردن بە موبالەغەک ڕوونی بکەینەوە. وێنای کۆمەڵگایەک بکەی کە تاکەکەس هەرگیز مرۆڤەکان تێدا لەگەڵ یەکتر بەڕاو ڕوو نابنەوەو هەموو کارەکان بە تاکی دوورە پەڕەوە ئەنجام دەدرێن کە بە نامەی تایپکراو یان بە تەلەگرام پەیوەندی دەکەن و بە ئۆتۆمبێلی داپۆشراو هاتوچۆ دەکەن. ،،، کۆمەڵگەیەکی وەها خەیاڵی دەتوانرێت بە "کۆمەڵگەیەکی تەواو ئۆبستراکت" یان بە کۆسایەتە ناوببرێت. ئێستا خاڵە سەرنجڕاکێشەکە ئەوەیە کە کۆمەڵگای مەدەرنمان لە زۆر لایەنی خەیدا لە کۆمەڵگایەکی تەواو ئۆبستراکت دەچێت. هەرچەندە ئەمە هەمیشە لە ئۆتۆمبێلی داپۆشراودا و بە تەنیایی هاتووچۆ ناکەین (بەڵکە ڕووبەڕووی هەزاران مرۆڤ دەبینەوە کە لە شەقامەکەدا بەڵای ئەمەدا تێدەپەڕن) بەڵام دەرئەنجام تاکەکەس هەمان شتە "واتە لە بنەمادا هیچ جۆرە پەیوەندییەکی تاکەکەسی لەتەک هاوبەشەکانی تردا دروست ناکەین". ،،، زۆر کەس هەن لە کۆمەڵگایەکی مەدەرن دەژین کە هیچ پەیوەندییەکی کۆسایەتییان نییە، یان لە ئادەبەدەر کەم، کە لە نادیاربوون و گۆشەگیریدا دەژین و لە ئەنجامدا لە ناخۆشیدا دەژین. چونکە هەرچەندە کۆمەڵگا بووەتە ئۆبستراکت، بەڵام پێکهاتەی بایەلۆژی مرۆڤ زۆر گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە؛ ئینسانەکان پێویستی کۆمەڵایەتیان هەیە کە ناتوانن لە کۆمەڵگەیەکی ئۆبستراکتدا تێری بکەن.)/ 1.

ئەم ئاو پێشبینیە دروستەیە کە پێپەر بە گۆشەی ڕواڵەتی کۆمەڵگە کردوویەتی، کە لە سەردەمی سەرمایەداری دیجیتاڵ و تەکنەلۆژی زیرەکدا خشت پێکاویەتی./٢.

دیارە ئەمەکە مرۆڤەکان بەڵک لە کارکردن لە ماڵەوە جێبەجێ دەکەن بە ئاوەی پێویست بکات بچنە ئۆفیسەکان، وە بە بۆشک لە کێبڕکێی کاکان پێویست بە چوون بە نێو بازاڕ و مەڵبەندەکان ناکات، دەتوانین

بە ڕێگای ئینترنێت داواکاریەکانی خەمان بنێرین، هەروەها بە هاوار پرسی و گفتوگۆ لەتەک دۆستەکانمان، پێویست بەسەردان ناکات و لە ڕێگای پڕۆگرامەکانی شات مەیسەر دەبێ، یان گەر کەسێ لەم ڕۆژگارەدا گەرەکی بێ کەرسەک بخوێنێ، پێویست بێ ناکات بچێ بە قوتابخانەک و بە فیزیکی ئامادەیی هەبێ لە پێلەکدا، بەڵکە لەڕێگای "دیستانس – ئینترنێت" دەتوانێ کەرسەکەی تەواو بکات.
بیرمەندانی بەرژوازی جەڕەها ناوی دیکەیان داهێناوە بە وەسفی کۆمەڵگەی سەرمایەداری. لەم سەردەمەدا لەبری کۆمەڵگەی سەرمایەداری دێندە ناوی وەک: کۆمەڵگای کراوە، کۆمەڵگەی پۆستمۆدێرنیسم، کۆمەڵگای شەفاف، کۆمەڵگای چاودێری، کۆمەڵگەی ئیسک،، هتد، بەکاردەهێنن. ئەوەی ئەم بیرمەندانە لە وەسفی کۆمەڵگەدا دەیانەوێ پەردەپۆشێکن ناوەڕۆکی دابەشبوونی چینایەتی و دێندەیی سەرمایەداریە.
گرنگ لێرەدا ئەوە دووپات بکەینەوە کە بە گشتی هاوڕێتی کۆمەڵگە و بە تەکنەلۆژی بوونی کەم یان زۆری پەیوەندیەکانی ئینسانەکان، ئەوە هیچ لە حەقیقەتی ئەوە ناگەێنێ کە بنەمای ئەو کۆمەڵگەیە هەشتا سەرمایەداریە و لەسەر پەیوەندی (کار و سەرمایە) دامەزراوە، پەیوەندیەکانی کۆمەڵگە کەنکرێت بە یان بەکەی کەم تا زۆری دیجیتاڵ بێ، هەشتا ئەو کۆمەڵگەیە چینایەتیە، مادامەکی گشتان بەسەر پێکهاتی ئابووری و شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەدریدا نەهاتوون، چونکە بەردەوام زۆربەی ئینسانەکان کارێک دەکەن و بەرامبەری ئەوە کرێ وەردەگرن، و نوخبەکی کۆمەڵگەش خاوەنی کۆمپانیا و بانک و ئۆفیسەکانن و قازانج لە بەری کاری ئەوانی دی دەکەن.
پێپەر خەی زەر دژی پێشبینیەکان بوو، و بەڵگەی داشتووە کە دەڵێ: بە هەکاری لۆژیکی ناتوانین داهاتوو بزانین؛ نووسیوێتی:(ڕووتی مێژووی مرۆڤایەتی بە توندی لە ژێر کاریگەری گۆشەی زانستی مرۆقدایە، بەڵام ناتوانین بە شێوازی عەقڵانی یان زانستی پێشبینی گۆشەی داهاتووی زانستە زانستیەکانمان بکەین. بەیە ناتوانین پێشبینی ڕووتی داهاتووی مێژووی مرۆڤایەتی بکەین). لە کتێبی کۆمەڵگەی کراوە – کاڵە پێپەر/ سالی [١٩٤٥].
وەک لە کتێبی (هەژاریی مێژووگرایی: The Poverty of Historicism)دا پێپەر پێی خۆی لەسەر دژایەتیکردنی پێشبینی دادگرێت، بەوای وایە کە مێژوو دەستنیشان ناکرێت، بەیە پێشبینی بە ئایێندە نازانستی و هەڵەیە، وە شیاوی ئەوە نیە متمانەی پێ بکرێ و پشتی پێ ببەسترێت. واتە مێژوو چوارچێوەو سنووری بە دانانرێت و پێپەر دژی ئەوەیە پێشبینی بە ئایێندە بکەین.

پەپەر ئەم ئارگیومێنتەی بەکارهێناوە بە تایبەتی لە کتێبی (هەژاریی مۆژووگەرایی)دا ئیدیعای ئەوەی دەکرد کە مارکس پێیوای فەلسەفەی (مۆژووگەرایی) دەکات و بەوای بە حەتمیەتی مۆژوویی، و لێرەوە پەپەر دەیگوت کە مارکس وەک پێغەمبەر و فاڵچیەکی درێژن وایە پێشبینی دەکات. ئەوەی لێرەدا دەمەوێ بە کورتی بیڵێم: مارکس نە پێغەمبەرو نە بەوای بە "حەتمیەتی مۆژوویی" بووە، بەڵکە وەک زانایەک دوای دراسەی فاکتەکانی واقیعی کۆمەڵگەی سەرمایەداری پێشبینی کردووە، هەر وەک پەپەر خۆشی کردوویەتی؛ ئایا پێشبینیکردن بە پەپەر خەیاڵە و بە مارکس حەرامە؟!.

دوژمنە نوێکانی کۆمەڵگەی کراوە

بە بەوای پەپەر، دوژمنەکانی کۆمەڵگەی کراوە، بەتایبەتی (کاڵ مارکس و هاوڕێکانی)، ئەوانەن کە بانگەشەی خاوەندارێتی مەعریفە و چاکەیەکی گشتی دەکەن. بانگەشەی ئەوە دەکەن کە دەتوانن بە شۆڕیەکی زانستی و دادپەروەرانە کۆمەڵگا کۆنترۆڵ بکەن، بە ئەوەی یوتوبیاکی پێ لە بەختیاری بدیبهێنن. ئەم زانستە لای نوخبەکی پێشڕەوە کە حیکمەتیان دەزیوەتە، هەم ڕاستی زانستییە و هەم نەرماتیف-ئەخلاقییە. کەواتە بە مەعریفە و ئەخلاق دەسەڵاتکی بیروکراتی حەکیم دادەمەزرێنن تا خەڵکی دەربازکەن لە قەیران و دەزگا. بەیە ئەم مەعریفە و ئەو دەسەڵاتی دروستی دەکەن، لە سەروی ئازادی تاکی مرۆڤەوە، واتە لە سەروی حوکمدانی خەیانەوە بەیار دەدرێت سەبارەت بەوەی کە چۆن دەبە ژیانی خەیان لە قاڵب بدەن. فەلسەفەی سیاسی پەپەر لیبەرالیسم و دیموکراتییەتی سەرمایەداری بەژئاوای هاوچەرخی وەک مۆدێلی "کۆمەڵگەی کراوە" قبوڵ دەکرد، وە دژی (سۆفیەت و نازیەکان) بوو، چونکە تۆتالیتاریسم و کۆمەڵگەی داخراون بوون.

کەواتە گەر لەم سەردەمدا بە دوای دوژمنەکانی کۆمەڵگەی کراوەدا بگەڕێن ئەمانەن: "چین، کەریای باکوور، کوبا" ئەمانە خەیان بە کۆمەنیست دەزانن. "ئێران، ئۆفگانیستانی تاڵیبان، سعودیە" ئەم دەوڵەتانە ئیسلامین و کۆمەڵگەی داخراون. هەروەها هەر حیزب و بزووتنەوەک کە "میتودەکی مۆژووگەریی" و دەگمان و ئیدەاڵژی هەیە، ئەمانەش ئامانجیان دامەزراندنی تۆتالیتاریسم و کۆمەڵگەی داخراوە، و بە دوژمنەکانی کۆمەڵگەی کراوە دەژمەردرێن.

بەگشتی جیهانی سەرمایەداری ئەمەکە دوای کۆتایهاتنی جەنگی سارد، گەڕانی بەسەردا هاتووە. ئەمەکە هەندە لایەن پێیدا بوون کە بە دوژمنە نوێکانی کۆمەڵگەی کراوە دەژمەردرێن، کە ناکۆنە نەو ئەو

خشتەیی پەپەر دایشت بوو.
لەمەدا سەرمایەداری لە قەیرانی ئابووری و ناسەقامگیردا کۆمەڵگەی خستەتە ژێر چاودێری، و تایبەتمەندی تاکەکەسکان پێشێل دەکات. کاتێ ئینسانەکان لە شەقامەکان، مەیدانەکان، یان لە فرۆکەخانەکاندا بن، بە تەکنەلۆژیای زیرەک دەموچاویان دەناسرێتەوە. کامێرای چاودێری دەزانێ لە چ جۆکایەک سەیارەکەت ئاگرتووە، یان بەهەی سۆسیال میدیا و مۆبایلەکانەوە هەموو زانیاری تایبەتی تاکەکەسکان خەزنکراوە. ئەمرۆکە تەی داتا و ئینترنێت وەک دەسەاتەکی شمولی بەسەر سەری ئینسانەکانەوەیە، و لەتەک گۆشکردنی زیاتری "زیرەکی دەستکرد" ئەم دەسەاتە شمولییە زیاتر دەبێ.
بزووتنەوەکانی ئاستەوی تونددەو (ئاسیسمی نوێ و فاشیسمی نوێ) هەر بەناوی پاراستنی دیموکراتییەت و شارستانیەتی ئەژئاوا جەماوەریان ئەژبەڕ زیاد دەکات. ئاستەوی تونددەو هیچ ناچێتە ژێر ئەو پەلەنەی پەپەر، چونکە بەوایان بە میتودی مۆزووگەریی نییە، و باس لە پاستنی (ئازادی و سیکولاریسمی) غەرب دەکەن دژی پەناهەندەکان. دیاردەی نوێی وەک (خراپ بوونی ژینگە، بەاوبوونەی درم و قایرسەکان، ململانێی بلۆکەکانی سەرمایەداری – ەوسیا و چین دژی ئەژئاوا) هەندەی دی کۆمەڵگەی کراوەی بەرەو تۆتالیتاریسم بردووە. ململانێ نێوان باڵەکانی بزووتنەوە بەرژوازەکان کە بەوایان بە دیموکراتی و لیبەالیسم هەیە، و ململانێ نێوان کۆمپانیاکانی سەرمایەداران، کۆمەڵگەی کراوە بەرەو تۆتالیتاریسم دەبات. چەند نموونەیەک: ئەو کەسانەی دژی دەگما لیبەاڵەکانن (مافی کۆمەڵگەی میم)، ئەوانەی گریمانە لیبەاڵەکان دەخەنە ژێر پرسیارەوە، بە ناوی ئاستەوی تونددەو ناوزەد دەکرێن. ئەوانەی کاتی کۆڤید نیانویستایە دەمامک ببەستن یان دژی کۆڤید خۆیان بکوتن، لە زێر ماف بەبەش دەکران. ئەگەر کەسێک بیەوێت زانست لە پشت گەرمبوونی جیهانەوە بخاتە ژێر پرسیارەوە، ئەوا وەک "ئینکاریکەری گەانی ژینگە" سووکایەتییان پێدەکرێت. دیارە لەتەک تووندبوونەوەی قەیران و کێشکان، مەیلی بەرەو سەرکوتکردن و تۆتالیتاریسم زیاتر دەبێ.
قەیرانی ئابووری و سیاسی جیهانی ئەمڕ لە زێر ووەاتاندا ئەگەری تۆقینەوەی جەنگی ناخەیی زیاد دەکات. پشەوی کاتی هەبژراردنی بایدن بە سەرکایەتی ئەمریکا، زەنگێکە هەشداری بە ئەگەری خولێکی زێر مۆترسیدار دەدات لە نەو دەی کۆمەڵگەی کراوەی سەرمایەداری ئەژاوادا. لەگەڵ سەرهەڵدانی بزووتنەوە کۆنەپەرستەکان و پۆپۆلیزم لە دونیای ئەمڕدا، کە مەیلی پاوانخوازیان هەیە، وە زیادبوونی ئەوەی پێی دەوترێت "فرە قەیران"، ئاسانە بگەینە ئەو ئەنجامەی کە دیموکراسی بەرژوازی و مەدەنی کۆمەڵگەی کراوە مەحکومە بە بن بەست،

و جیهانی سەرمایەداری چەتە خولەکی نوێی دەندەیی.

تێبینیەکان:
1/ دەتوانن ئەم چەند دێڕە لە(کۆمەڵگای کراوە و دوژمنەکانی – بەرگی یەکەم – ۱۰/ لاپەڕە ۳۸۹ – و: ئیدریس شێخ شەرەفی) بخوێنەوە کە زمانەکەی باشترە. من لە زمانی ئینگلیزیەوە وەرمگێڕاوە.
۲/ دیمەنی تاکگەرایی و تەنیایی ئینسانەکان لە نێو کۆمەڵگەی مەدەرنی سەرمایەداریدا گەلێ نووسەر (جگە لە تیۆری نامۆیی مارکس) باسیان لێوە کردووە. من لێرەدا پەرەگرافێکی ڕۆمانێکی دیستۆڤیسکی بە نموونە دەهێنمەوە کە لە ساڵی ۱۸۸۰ـ ۱۸۷۹ چاپ و بڵاوکراوەتەوە: (ئێو گۆشەگیریەی مرۆڤ تێیدا دەژی، بەتایبەتی لە سەردەمی ئەمەدا، لە هەموو بوارەکاندا دیارە. لەم سەردەمەی ئەمەدا تەنیایی کەتایی نەهاتووە، تەنانەت نەگەیشتووەتە لوتکە. هەموو مرۆڤێک لەم سەردەمەدا هەوڵدەدات تامی ژیان بە تەواوی بکات، بەڵام دوور لەوانی دی، بەبێ بە دوای بەختەوەری تاکەکەسیدا دەگەڕێت. بەڵام مەحاڵە ئەم هەوڵانە ببنە هۆی تامێکی تەواو لە ژیان، چونکە تەنها دەبێتە هۆی لە ناوچوونی تەواوەتی ڕۆح، و تەنها دەبێتە هۆی جۆرێک لە خەکوژی ڕۆحی لە گۆشەگیرێکی خنکێنەردا. کۆمەڵگا لە سەردەمی ئەمەدا لە تاکەکاندا تواوەتەوە، هەریەکەیان وەک ئەهریمەنێک لە کولانەکەی خەیاندا دەژین، و لە یەکتر هەڵدەن و تەنها بیر لە شاردنەوەی سامانەکانیان لە یەکتر دەکەنەوە. وە لەمەوە دەگەنە ئەوەی ڕقیان لە یەکتر دەبێتەوەو تا خۆشیان شایستەی ڕق لێبوونەوەش دەبن. مرۆڤ لە تەنیاییدا سامان لەسەر سامان کۆدەکاتەوە و دەخڵێت دەبێت بەو دەسکەوتەی کە پێی وایە بەم کارە خاوەنییەتی، لە دڵی خۆیدا دەڵێت: "کە ڕۆژکانم بەم شێوەیە مسۆگەر بووە"، ئیدی گەمژەیی خۆی نابینێت کە زیاتر کۆدەکاتەوە بەمە زیاتر خۆی دەخزێنێتە ناو بەهەزییەکی کوشندە. ئەوش لەبەرئەوەی ڕاهاتووە کە تەنها پشت بەخۆی ببەستێت و بەوای بە هاوکاری نەماوە، و لە گۆشەگیریدا ئەو یاسایانە لەبیردەکات کە بنەاستی مرۆڤایەتی بنەوەدەبن، و کەتاییەکەی هەموو ڕۆژێک لە ترسی لەدەستدانی پووکانی دڵەرزێت کە ڕۆژێک دێت لە هەموو شتێک بەبەش دەبێت. خۆکی بە تەواوی لەیادیان چووە کە ئاسایش و سەقامگیری ڕاستەقینە لە ژیاندا بە گۆشەگیری بەدەست ناهێنرێت، بەڵکە لە هاوپشتی و هاوکێیی هەوڵەکانی یەکتر بەدی دێ.).

/ ڕەمانی برایانی کارامازۆف/ فیدەر دەستێفسکی).

جۆرەکانی دیالۆگ لە رۆمانی (قەبرەکەی سۆگۆشە)ی فەرهاد پیربالدا.. نووسینی: مالیک عەبدولواحید و عەبدالسلام اسماعیل

بۆ خوێندنەوەی ئەم توێژینەوەیە کلیکی ئێرە بکەن..

MalekAbdulwahid_AbdulsamDownload

دۆق بە حەقیقەت، دۆق بە چۆژ..
عەبدولموتەلیب عەبدوڵا

(رووتەختی پێکەوەسازان)

چۆژ کەمڵە حاڵەتێکی مینتالیتییە، کە مرۆڤ هەستی پێدەکات و بڕەو خەشی و کرانەوەی ئەرێنی دەکاتەوە. بنەمای چۆژ هەوادانە بە خەشی وەرگرتن. بنەمای چۆژ لای فرۆید پێچەوانەی بنەمای حەقیقەتە، چونکە حەقیقەت ئارەزووکان وەدواددەخات. بە مانایەك لە ماناکان بارت دڵێ چۆژی دۆق ئەو ساتەیە کە جەستەی (وەرگر/خوێنەر) تێیدا بە فەزا تایبەتییەکانی خۆی دەگات.
ئەگەر چۆژی دۆق پەیوەندی بە فەزای (وەرگر و خوێنەران)ەوە بێت، رووتەختی بە بانەوەی حەقیقەت چییە؟ ئایا پرسیار لەبارەی حەقیقەت و چییەتی حەقیقەت گرنگی بوونەدا کە حەقیقەت لە ئەزموونکردنی ژیانەوە وەدەست دێت؟ یان لە بیرکردنەوە و توانای سیاسی و توێژینەوەی زانستی و داهێنانی هونەری و رامانی فیکری و بۆای

ئایینی و عەقڵی وەکیەك و واقیع و ئازادی... وەدەست دێت؟! ئایا پرسیار لە بارەی چۆنی دڵ تەنها گرنگی بووە دەدات کە پێیدەڵێن فەزا تایبەتییەکانی وەرگر و خوێنەران؟
هەڵبەتە چیرۆکی حەقیقەت و چیرۆکی چۆن لە دڵی هونەرییدا هەموو ئەوانە تێدەپەڕێنن، بەو مانایەش حەقیقەت جیایە لەوەی حەقیقەتە! چۆنیش جیایە لەوەی تەنها چۆن بێت. حەقیقەتی دڵی هونەری بەرجەستەکردنی جواناسانەی چیرۆکی زمانە. دڵی چۆنی هونەریش بەرجەستەکردنی بیرکردنەوەی چیرۆکی زمانە! چیرۆکی زمانیش سیستەمکی فیکریی و هەڵگری جوانی و ڕەنگدانەوەی ڕەهەندەکانی ژیاری مرۆڤایەتییە. بەڵام زمان هەموو شتێ ناڵێت. جەستەی قسان دەکات، شتەکان، مێژوو، توانا فەردی و کۆمەڵایەتی قسان دەکەن، مردن و ژیان بە دابڕان بە هەزاران شێواز قسان دەکەن، بەڵام زمان هەموو شتێ ناڵێت.
کەواتە پێویستە بزانین لەنێوان ئەوەی حەقیقەت جیایە لەوەی ڕووتەختی بە بانوەی حەقیقەتە و چۆن جیایە لەوەی ڕووتەختی بە بانوەی چۆن، چیرۆکی زمانیش جیایە لەوەی زمان هەموو شتێ بڵێت. بەو مانایەش پێویستە (دڵی هونەری) لەنێوان پێکهاتەکانی زمان و بیرکردنەوە تایبەتییەکانی (وەرگر/خوێنەر)انەوە، لەنێوان حەقیقەت و چۆن... ڕووتەختی پێکەوەسازان درووست بکات.
ئایا دڵی هونەری بە حەقیقەتە یان پرسکی چۆنئامێز؟ ئەگەر دڵ بە حەقیقەت بە، دەبێ مرۆڤ حەقیقەت پەسەند بکات. بەڵام ئەگەر دڵ پرسکی چۆنئامێز بێت، ئەوە (وەرگر/خوێنەر) گرنگترە لە بەرهەمهێن! یەکەمیان دەکەوێتە نێو باوەڕی حەقیقەتی هاوبەشەوە، دووەمیان زمانی هاوبەش بەڵێنەوەی دەبات، بە پێچەوانەشەوە ڕاستێ.
کەواتە بە ناساندنی دڵی هونەری بە حەقیقەت و دڵی هونەری بە چۆن، دەبێ بە بنەماکانی بیرکردنەوە و جواناسی زمانەوانی بگەیەنەوە و ڕووتەختی پێکەوەسازان درووست بکەین. وەك دەزانین هیچ زمانێك لە گوتندا بەبێ ئاماژە نییە، دواتریش مانا... بەڵام زمان وەك مانا دەگەڕێ بە جەستە. دەموو بەڵم جوانی زمان وەك جەستە، دڵ دادەهێنێ! بەڵام بۆچی هەندجار بە تێگەیشتن لە ڕەهەندەکانی ئەو جەستەیە چەند جارێك دڵ دەخوێنینەوە؟! ئەگەرچی لە جاری یەکەمدا ماناکەی حاڵی دەبین.
لەڕووە بەمان دەردەکەوێت کەمێك شتی دیکە لە جەستەی دڵقدا هەیە، کە هەر مانا و ئاماژە نییە... لە دڵقدا مەعریفەی دەربەینی بیرکردنەوە و مەعریفەی دەربەینی جواناسانە ئامادەیی هەیە، بۆنی دەکەین، هەستی پێدەکەین، دەستی لێدەدەین، دەیبسین، گفتوگۆی لەگەڵدا دەکەین...

کەواتە کاتێك زمان وەك مانا و ئاماژە لە جێستەی زیندووی دەقدا دەناسنین، کاتێك دەق وەك پێکهاتەی جێستە تێکڕا بە ژیان دەبەت… ئیتر دەبەتە بابەتی خۆشویستن و رق لێبوونەوە، عەشق و گومرایی، حەقیقەت و چەژ… چونکە جێستەکان بەیەکدادچن و تێکدەبن و کاریگەری لەسەر یەکتر دادەنێن، نەزمی چیگوتن و جوانگوتن گوزارشت لەو ئاماژە و مانایانە دەکەن، کە لە شانەکانی زمانوانییەوە لە دایك دەبن و بە گوترەی سێیرورەی دەق و بە گوترەی رێگایەکی نوێی هونەری رێکدەخرێن و لەو پێی ئاماژە و مانادا، لەو پێی حەقیقەت و چەژدا… لە رووتەختی پێکەوەسازان دەردەکەونەوە.

رووتەختی پێکەوەسازان

دەلەز دژ بە ئارەزووی فرێدی، پێیوایە ئارەزوو هەرگیز بە لێکدانەوە نییە، بەڵکو ئەزموون دەکرێ… بەڵام فرێید ئارەزوو لە چوارچێوەی خەزاندا قەتیس دەکات، لە کاتێکدا ئارەزوو هەمیشە درووستکەرانەیە و هەرگیز خەکارانە و یاسایی نییە. دەلەز نە بەوای بە غەریزە ناوکییەکان هەیە، کە گوایە ئیلهام بە ئارەزوو دەبەخشێ، نە وەك دەروونشیکاری فرێدی بەوای بەوە هەیە، کە ئارەزوو (نەقس) بێ. چونکە ئۆگەر ئارەزوو نەقس بێ، ئەوە هیچ رووتەختێکی پێکەوەسازان مومکین نییە، کە دەرفەتی ئەوە برەخسێنێ ئارەزوو بکەن. (رووتەختی پێکەوەسازان) نەقس دۆگڕێ بە مەرکەزیەتیفکەی ئارەزوو، نەك ئارەزوو بگڕێ بە مەرکەز نۆگەتیفکەی نەقس. ئەو بیرکردنەوە دەلەزییە لەبارەی ئارەزووەوە لە بەشی سێیەم کتێبی (گفتوگۆکان) وەرگێڕانی (هاوار محەمەد) قسەی زۆری لێکراوە.

من دەکەومە ژێر چەمکی (ئارەزووی دەلەزی) و (رووتەختی پێکەوەسازان) و دەڵێم "چەژ وەك وێنەی ئەو نەستە دەبینم، کە تێنووێ". حەقیقەت وەك وێنەی ئەو هەستە دەبینم، کە راخراوە"! بەڵام رێگایەکیش دەبینمەوە لەو لێکدانەوەیە رابکەم، لەوەوە کە چیدی فەرمکان بوونیان نییە؟! مەسەلەکە پێوەندی بە نەخشەی خرایەکان، چەبوونەوکاندایە… مانای جێگیر واتای نەمانی جوولە نییە، بەڵکو ئاماژەیەکە بە حاڵەتی رەهایی جوولە، وەك چۆن ئاماژەیە بە حاڵەتی رەهای وەستان. ئەوە رووتەختە، جوولە و جێگیری، پێوەندییەکانی خرایی و خاوبوونەوە لەنێوان رێگەزە پێکهاتووە تەواو پێکنەهاتووەکاندا دەناسێت.

بەو مانایەش دەشێ حەقیقەت و چەژ سەر بە ئارەزوو بن، وەك چۆن زمان لە نەست رسکاوە. بەڵام دەبێ رووتەختی پێکەوەسازان دامەزرێنن، رووتەختی پێکەوەسازان بخەنە سەر ئاراستەی درووستکردن، ئۆگەرنا لە دەرەوەی زمان، یان لە دەرەوەی نەست، نەچەژ هەیە و نەحەقیقەت!.

چۆژ جۆستەیەکی بۆ ئەندامە هەرگیز لەگەڵ وەرگر و خوێنەران دژ ناکۆتەوە، کە بیرکردنەوەی تایبەتی خۆیانی تێدا دادەمەزرێنن، یان چۆژ دەخەنە سەر ئاراستەی درووستکردن. حەقیقەتیش هەرگیز لەگەڵ پارچەکانی دژ نییە، کە تێیدا دەجوڵێن و خۆیان لە جیاوازیدا دەنوێنن.
زمان و چۆژ و حەقیقەت وەک ئاڕەزوو ئەزموون دەکرێن. چۆژ و حەقیقەت، وەک زمان بنەمایەکی مەعریفییان هەیە. دەقی هونەریش لەسەر بنەمایەکی مەعریفی دادەهێنرێت. بنەمای دەقی هونەری ڕەگەزەکانی زمانە، زمانیش وەک چۆن ئاماژە و مانا بەرجەستە دەکات، حەقیقەت و چۆژیش درووست دەکات! بە دیوەکەی دیکە وەک چۆن چۆژ دەشارێتەوە، حەقیقەتیش دەشارێتەوە! لێوشاوە نوێنرایەتی پەیوەندییەکی ئاڵۆگۆڕئامێزی نێوان نووسەر و دەق، خوێنەر و دەق، فەزای خوێندنەوە و فەزای نووسینەوە، کەمەگا و بازاڕی هونەری دەکات، بەر لەوەی مانا و ئاماژەکان لێکبدرێتەوە، بەر لەوەی مەعریفەی هونەری و هونەری چۆژ کەشف بکرێت، پێویستە دەق وەک جۆستەیەکی فرە ڕەهەند و فرە فەزا لە دانوستاندا (وەرگر/خوێنەر) بەرەو خۆی کێش بکات، چونکە هونەری نووسین بە گشتی زانستی خۆشگوتن و فەزای دانوستانی فرە ڕەنگ درووست دەکات.

دەق وەک جۆستەیەکی ئاماژ بە چۆژ
پرسەی لە دایکبوونی نووسین پرسەیەکی هونەری چە و پرسیارئامێزە لە کەمەک ڕەهەندەوە لێکدانەوەی دیار و نادیاری بە دەکرێ! من ئەستا ناچمەوە نێو پێکهاتەکانی زمان و فەزا و ڕەگەزە هونەرییەکانی دەقەوە. بەڵکو بە کورتی بە ستراتیژی هەندێ لەو هەوڵانەدا دەچمەوە، کە بەرەو دەق و چۆژی دەق دەبنەوە، لەوانەش: ڕۆلان بارت، جۆرج باتای، مارکیز دی ساد.
بارت پێیوایە دەق لە نەستدا لە دایەك دەبێ و لە هەستدا دەنووسرێتەوە. ئەو لێکدانەوەیەی بارت لە گوتەزای (نەست وەک زمان ڕسکاوە)ی ژاك لاکان دەناسێنین. بەڵام باتای بە پێچەوانەوە دەیبینێ و پێیوایە دەق لە ڕەحمی شێتیدا لە دایەك دەبێ و دژ بە دەمارگیرییە. دەشێ ڕەحمی شێتی باتای ئاماژی زمانمان بیر بخاتەوە! دی ساد ڕاستەوخۆ دەچێتە سەر چۆژی دەق و پێیوایە چۆژی دەق پەیوەندی بە دژبوونەوەی نێوان باو و ناباوەوە هەیە. دەشێ ئەو قسەیەی دی ساد بە پشکۆتنی زمان لەنێوان چەمکی پارێزگاریکردنی زمان و پیسکردنی زماندا هەڵبگرینەوە…

چۆژی دەق و حەقیقەتی دەق

چەژ بیرکەیەکە، دەکەوتەوە نێوان پارێزگاریکردنی زمان و پیسکردنی زمانەوە. دەکەوتە نێوان باو و دژە باوەوە... بۆ گشتی چەژ لەگەڵ کولتوور هاوئاهەنگە. وەك بارت و باتای و دی ساد... قسەیان لەکردووە چیژی دەق وەك چۆن لە خەدرخستن و خەشاردنەوە، جێگیربوون و جێگیرنەبوون، هەست و نەستی زمانەوە گرێدا دەبێت، لە بواری خوێنەر و فەزای خوێندنەوەشدا لە شیکردنەوەی دەروونی و ئارەزووەوە نزیك دەبێتەوە.

کەواتە لێرەوان حەقیقەت و چەژدا، لێرەوان حەقیقەتی سەسیلەژی و بازاڕی هونەرییدا ئەوە ریتمی تێنووی نەستە، یان ڕەگەزە دیارەکانی دەقە سنوری چەژ بە وەرگر و خوێنەرە جیاوازەکانی دەنەخشێنێ! وەك چۆن ئەوە دیتنی پارچەکانی حەقیقەتە، بە ڕەگای جیاوازەوە وەك هەست کەمگا دەدوێنێ. دەقی چەژ ئەو دەقەیە کە ڕازی دەبە هەستی خەشی بخاتەوە. بەو مانایەش چەژی دەق ئەو ساتەیە کە وەرگر و خوێنەرە جیاوازەکانی لە ساتی خوێندنەوەدا دەکەونە نەو فەزا تایبەتییەکانی خەیانەوە، لەرەوە بارت دەڵێ بیرکردنەوەکانی جەستەم بیرکردنەوەکانی من نین. ئەو قسەیەی بارت پەیوەندی بە نەستی زمانەوە هەیە و پەیوەندی بەو حاڵەتە شتییەوە هەیە، کە باتای دەیخاتە ڕوو، وەك چۆن بەریەککەوتنێ باو و ناباوەکەی دی ساد بەشکی زەر لە سەرسامی بە خەی دەبات.

بگومان وەك لەسەرەوە قسەمان لەکرد حەقیقەت قابیلی لەکدانەوەی جیاوازە، حەقیقەت خوێندنەوەیەکی جراوجڕی بە دەکرێت، وەك چۆن چەژی دەق لە کەسەکەوە بۆ کەسەکی تر دەگۆڕێ. بەو مانایە جگە لە ڕووتەختی پەکەوەسازان یاسایەکی گشتیی بە خوێندنەوەی حەقیقەتی هونەری و چەژی هونەری نییە.

ئەو دەقە هونەرییەی مایەی چەژە جڕە هەستەکی خەشحاڵیمان لەلا دروست دەکات، ئەو دەقە هونەرییەی پارچەکانی حەقیقەتمان نیشان دەدات، هەشیاریمان پەدەبەخشێ و هەشیاریش گرێانکاری جڕا و جڕ دەنێتەوە! دەقی هونەری وەك ئامرازێك بە چەژ، هەستی خەشی بە منی (وەرگر/خوێنەر) دەبەخشێ، ناسنامەی (منی وەرگر/خوێنەر)انی تیا بەهێزتر دەبە. دەقی هونەری وەك ئامرازێك بە بەشە جیاوازەکانی حەقیقەت نەستمان بەهێز دەکات و روانینمان بە دنیا دەگۆڕێت. هەموو ئەوانەش لە ڕەگای دروستکردنی ڕووتەختی پەکەوەسازانەوەیە.

خەیاڵی زمان و زیرەکی دەستکرد

دنیا لەژێر هەژموونی کەمگا و ڕەکخراوە گەورەکاندایە، بەنام بنەمای دەقی هونەری و ئەدەبی جیاوازی زمان و خەیاڵ بەهێزی دەبات، لەوەشەوە گرینی هەشیاری، جواناسی، خەشی... بەردەوامی و

سەیرورە دەخاتەوە. ئەگەر لە دەستدانی باوەڕی هاوبەش، مەعریفەی هاوبەش لە دەستدانی پەیامی حەقیقەتی هونەری بێت، لە دەستدانی زمانی هاوبەش، خوێندنەوەی هاوبەش لە دەستدانی چێژی هونەری لێبکەوێتەوە، پرسیار ئەوەیە ئایا دەقی هونەری وەک ئامرازێک بۆ حەقیقەت نابێتە هەگری جۆرێ تێگەیشتنێکی ئایدیالیستانە؟ ئایا دەقی هونەری بۆ چێژ لە تێگەیشتنێکی بازاڕی بازرگانی نزیک نابێتەوە؟!

بەگومان داهێنان لە خەیاڵی زمان و جوانی هونەرییدایە، لە خوڵقکردنی دنیایەکی نوێدایە، لە دروستکردنی پەیڤێکی نوێدایە... کاری داهێنەرانە، جیهان لەگەڵ (وەرگر/ خوێنەر)ێ جیاوازەکانی دابەش دەکات. بەڵام زمانیان لەگەڵ دابەش ناکات. ستراتیژی کاری داهێنان بۆ ئەوە نەخشێنراوە تاکو لە ڕێگای وەرگر و خوێنەرانی داهێنەرەوە کاریگەری بخاتە سەر جیهان.

بۆ دیوەکەی دیکەش لەپشت ئاراستەکردن و مەبەستە ئایدیالییەکان... سەیرورەی داهێنانی مرۆڤایەتی و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و زیرەکی دەستکرد جیهانی دووچاری گۆڕانکارییەکی بەپەلە کردووە. زیرەکی دەستکرد تراديسیۆنی کاری داهێنان (تکایە بەدەنگ بن نووسەرەك خەریکە دەنووسێت)، دەلەرزێنێ. شاراوەکان لە ڕێگای چاوی شیتانی زیرەکی دەستکردەوە ئاشکرا دەکرێت. هاککەر دەبێتە ڕاڤەکار! چێژ، حەقیقەت، جوانی... لە ئەنلاینەوە بوونی خەیان دەنەخشێنن... بەڵام خەیاڵ دەکەوێتە کوێی زیرەکی دەستکردەوە؟!

بەگومان زیرەکی دەستکرد لقێکە لە زانستەکانی کۆمپیتەر و هاوشێوەی مەشکی مرۆڤ دەتوانێت ئەرکەکان جێبەجێ بکات. فەلسەفەی زیرەکی دەستکرد لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە ئەمەی مرۆڤ دەتوانین ئامرازەك دروست بکەین وەک خەمان بیر بکاتەوە، بەڵام خەیاڵکردنی نییە. چونکە خەیاڵی مرۆیی، بەبێ ئەوەی هیچ پێدراوێکی دەمودەست لە هەستەکانەوە بوونی هەبێت، بەبێ ئەوەی هیچ پێدراوێکی دەمودەست لە هەستەکانەوە بێتە بەرهەم یان بە لاسایکردنەوە دروست بێت، خەیاڵە. زیرەکی دەستکرد خەیاڵی نییە!. کەواتە هەرگیز زیرەکی دەستکرد چارەی نەزانینمان ناکات، بەڵکو توانایەکە بۆ گەیشتن بە پێدراوەکانی مەعریفە و چێژ و جوانی... زیرەکی دەستکرد هێز و توانایەکە وەنەی بوونەوەرە جیاوازەکان دەکەشێت، بەڵام مرۆڤ شاعیرانە کەوتۆتە نێو خەیاڵەوە.

هەولێر 12/3/2024

عەبدولموتەلیب عەبدوڵا

یەتێپیا.. بەختیار محەمەد

خۆی گرفتەکە ئەوەیە، کە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا تەنها وردە بۆرژوازی چەپە و ئەم تۆژە هەلپەرستە ئابەرایەتیی بزاڤی چەپ دەکا. هەر بۆیەشە پێوەندییەکی ئۆرگانیکی ئاستەقینە لە نێوان ئەم بزاڤە و چینی کرێکاری لە بنەڕەتدا کەم و بێ هێز و پەرت و بڵاودا نابینی. هەر ئەمەش وا دەکا، کە لە سەرەتای ساڵانی دەیەی (90) سەرلەبەری ئەندامانی بزاڤی کۆمۆنیزمی ئادیکاڵ (ڕەوت و حزبی کۆمۆنیزمی کرێکاری) ئاڕە بەجێ بهێڵن و پەنا بۆ ئەوروپای سەرمایەداری لیبرال و لیبرالی نوێ ببەن و ئێستاش لەوێ هەر خەریکی جوینەوەی دروشم و گوتاری سیاسی و ئایدیاڵۆژیی سەرەتای ساڵانی دەیەی نەوەد بن. ئەوەتە لە نوێترین گوتاریان لە سایتی (دەنگەکان) ڕێکەوتی 26/ 12/ 2023 ئەندامێکی سەرکردایەتییان (عوسمانی حاجی مارف) بە هەمان عەقڵیەت و هەمان تۆنی گوتاری سیاسی ئایدیاڵۆژیی سەرەتای ساڵانی (90) ی سەدەی ڕابردوو دەڵێ: ((… ڕەگی کێشەکانی ناوچە جێناکۆکەکان بە تایبەتی لە کەرکوك، کێشە نائەمنیەکەی ئاکامی کێشەیەکی سیاسیە، لە ڕەواجدان و چاندنی دوبەرەکی نەتەوەیی و تائفی، کە بانگەوازەکانی یەکێتی نیشتمانی بەدوای شکستی بزوتنەوەی کوردایەتی لە 16ی ئۆکتۆبەر 2017، لەم هەڵبژاردنەدا بە ئاراستەی دوبارە دەمەزەردکردنەوەی هەگیرسانی شەڕی قەومیە…)). لێرەدا وەك دەبینین هەموو تەمەتەکان و هەموو ڕەخنەکان ئاڕاستەی یەکیەتی (کورد) کراون؛ کەچی بە یەك وشەش ئاماژە بە لایەنی عەرەب و تورکمان نەدراوە. واتە لە گۆشەنیگای ئەم برادەرەوە ئەوە تەنها کوردە، کە خەریکی هەگیرساندنی شەڕی تائفی و قەومیە، بەڵام عەرەب و تورکمان فریشتەن و ئەوان وەك بڕی سۆسیالیست و ئەنتەرناسیۆنالیستن، چونکە کاکی نووسەر بە یەك وشەش بە خراپە ئاماژەی بۆ ئەوان نەکردووە. ئا بەم شێوەیە پتر لە 32 ساڵە ئەم گوتارە دژگمایە بەم ئاڕاستەیە کار دەکات و هەموو بزاڤکی ئازادیخوازی نەتەوەیی کورد بە ناسیۆنالیزم تاوانبار دەکا و کەچی لە هەمبەر فاشیزمی نەتەوەیی وڵاتە سەردەستە داگیرکەرەکانی کوردستان بۆ خەمە و فزەی لێوە نایێ. (*)

ئەوان (واتە برادەرانی کۆمۆنیزمی کرێکاری) ئێستا نەك هەر سیاسیانە و چینەکیانە لە چینی کرێکارەوە دوورن، بەکو جوگرافیانەش لێیەوە دوورن.

مادەم کۆمەڵگەی ئەمە کۆمەڵگەیەکی پیشەسازیی نییە، چینی کرێکاریش چینێکی هۆشیار و ڕێکخراو و پەرەستاندوو و بەهێز نابێ. ئەو کرێکارەی ئەمە هەمانە، کرێکارە لە بواری بیناسازیی و شارەوانی و کار و پیشە و خزمەتگوزارییە بچووکەکانی وەك بازاڕ و مۆڵ و چێشتخانەکان؛ بەم شێوەیەش چینی کرێکار چینێکی بێ هێز و کەم و پەرت و بڵاوە، ناتوانێ وەك هێزێکی یەکگرتوو لە هەمبەر ستەمی خاوەن کار و دەسەڵاتی خۆیدا ڕابوەستێتەوە.

چەپی دۆگمای ئەرتەدۆکسی دەیەوێ لە ئەوروپاوە، شۆڕشی (شۆڕشی جەماوەری و کرێکاری) لە کوردستان هەڵگیرسێنێ (سەیر لەوەدایە، چاویان لە عیراقیشە).

حەز دەکەم وەك ئەمانەتێکی مێژوو ئەوەش بڵێم: لە سەرەتای ساڵانی نەوەدی سەدەی ڕابردوو (91 – 92 – 93…)، چەپی دۆگمای کۆمۆنیزمی کرێکاریی گاڵتەیان بە دەستەواژە و چەمکی چوار پارچەی کوردستان دەکرد؛ بۆیە بە گاڵتە و بە توانجەوە بە (قادر نادر) یان دەگوت، کە ئێستا چالاکوانێکە و لە سوید دادەنیشێ: ((قادر چوار پارچە)). واتە ئەوان گاڵتەیان بە نیشتمانی لەتکراوی خۆیان دەکرد.
ئێستا ئەو (قادر نادر)ە لەوێ بووەتە ڕەخنەگرێکی سەرسەختی دەسەڵات، کەچی ئەو برادەرانەی کۆمۆنیزمی کرێکاریش (بەشێکی بەرچاویان) خەریکی ژیانی خۆشگوزەرانی بێرژوازیانەن؛ تێشیاندا هەیە هەموو چالاکییەکانیان لە فەیسبووك بووەتە ئەوەی، کە تکە و کەباب و دۆڵمەمان نیشان بدەن.

(*) هەبەت من هەرگیز یەکیەتی ئێستا بە نوێنەری ڕاستەقینەی ئەم بزاڤە نابینم.

بەختیار محەمەد

هاوگیرفان.. پشکۆ ناکام

…. کۆ بار و دۆخی ووڵاتێک یان لەتە ووڵاتێک وەک ئاوەی پێی ئووترێ هەرەم!! داتەپێ وەک چێشتی مجێوری لێ یەت و " چاوخڕشتی ئێرانی و تێپسی تورکی و ساوڕی خەماڵی " تکۆ بە یەکتری ئەبێ

ئیتر پایەکانی کەمەڵ ئەزەن و مەتریس ئەکەوتە سەر فەرهەنگ و " زمان" کە زەرتر لە هەر لایەنکی تر بەزە تا ئاستی هەوەشانن...
ئەمڕۆ لە کوردستان زمان بەتە تورەکەی مولاکەمە و هەر دەزگا و کەس و بەناو میدیایەک هەئەستە بەکسکی پیا ئەکێشێ بە تایبەتی دەزگا حیزبی و کەناڵە تەوگلاوەکانی مافیاکانی نەوت ، بە نموونە کەناڵکی "نەوتاو" کە بە مەبەستی سیاسی و ئەجندای حیزبییەوە قوورسایی خەی خستەتە سەر شاری سلەمانی و مەشی سلەمانی ئەکا بە " گا " و گای ئەوبەریش نەک هەر ناکا بە مەش بەکو ئەیکا بە " پەپوولە" !! بە خاوەندارێتیەک کە لە هەر چیەک بەزانێ تەنها لە میدیا و فەرهەنگ نازانێ و هەژانی [کەرەج] تووشی دەیان گرێ کوێرەی نەفسی و کەمەلایەتی کردوە و نازانێ چۆن و بە کەی بەژێ، کەناڵکی کە کەمەڵ کەسی نەخوێندەوار و وەک عەلاگەی جل هەواسراو بە میدیاوە و بە پشت بەستن بە "مایە"یەکی زەبەلاحی بە شومار جگە لە پیاکەشانێ سیاسی و کەمەلایەتییەکان بەر بونەتە زمانی کوردی و بە ئارەزووی خەیان دەستکای ئەو زمانێ ئەکەن کە لە میراتی باوک و باپیرانمانەوە هەر ئەومان بە ماوەتەوە و ئەوانیش کە تەنانەت بە ئەوی بزانن سەعات چەنە سەیرکی هەسمە زلەکەی پشتیانەوە ئەکەن ئاخۆ هازیە سەیری سەعاتەکانیان بکەن یان نا ؟ وەک ناحەزکی سەسەختی ئەو زمانە مامەڵە ئەکەن..
ئەو میدیا نەوتاویانە وەرشەیکی گەورەیان لە چەکوش ومشار و بزمار و کەتیرە هەیە بە داتاشینی ووشەی کوردی و جێی داخیشە کە سایت و پەیجەکان ئەو داتاشینە بە ناچاری یان بە داهێنان!! ئەزانن و تا ئێستاش هیچ دەزگایەک کە پەیوندی بەو بابەتەوە هەیە نوتقیان لە نایەت بەکو لەبەر خاتری" یان لە ترسی" خاوەنی کەناڵکان بە نا هاستەوخۆ پشتگیریان ئەکەن، نەوت کە "قووت"ی خەکە بوە بە " نقود "ی خاوەنی ئەو جۆرە کەناڵانە کە نەوتیان لە ئەچەڵە و زمانی کوردیش بەنی نەوتی لە یەت ، گەر وەک ژماردن " ستاتستیک " ئەو وەرانکاریانە بنووسین کە ئەو کەناڵانە دەرهەق بە زمانی کوردی کردویانە بە دەیان لاپەڕە تەواو نابە..
زمانی کوردی کە خەی نە یەکگرتوە و نە هەزمانکی هاوبەشی هەیە و گیرەدەی دەیان گرفتی مەژوویی و سەلماننی سەرچاوە ئەتنکیەکانی هەیە چەکوشی ئەو کەناڵە نەوتاوویانەشی هاتەسەر و ئەونەی تر دایتپانوە ،،، کەیلەیکی نەک حیزب بەکو هی کەسکی ناو حیزب ئەونە ئەقڵی بە زمان نەشکە کە "هاوسەر" و " هاوژین" لەیەک جیابکاتەوە و بەجەگری یەکتریان بزانێ ،
ئەبە چ "هاو" کی لەگەڵ میللەت و فەرهەنگ و میژوو هەبە جگە لە یەک [هاو]کە ئەویش

” هاوگیرفانی” دوای ئاپۆینۆ..

غەزەلێ نەوتراوەکان.. ستیڤان شەمزینی

غەزەلی یەکەم

ترسم لێ هیچ کەتایێک نییە
بۆ پێوە دەوەستم
بۆ مردن نێک لەسەر چێک
هەمیشە لێ سەرەتاکان ترساوم
وێک دەستپێکی عەشقێکی ناکام

لەوانییە مەشکم تاڤگەیێک بێت
بۆ هاژەوە دوا هەناسەی بدات
لەوانییە هەستم برینێک بێت
لێ بری خوێن
شیعر لەوی فیچقێ بکات
بۆ بەدەنگی
بۆ دەمارەکانی ئەویندا بگەڕێت

هەتا ماوم لێ زیندەگیدا
گەرانی بۆ ژیان دەکەم
هەرچەند کەسێک نییە
گەرانییەکەم بسەنتەوە
یان لێ بەستەکانم وردبێتەوە
هەشتا ئەمە
حەزی منی پێ نەکوژراوە
لێ گەرانی وتن

بۆ خۆشەویستی ژن

راستیی هەموو کات باش نییە
هەقیقەت وەک چەکی کەکوژ وایە
زەرجار درێک هەکارە بۆ مانەوەت
یان بوختانێک
بۆ دەم ئایندەی خۆتەوە هەڵیبەستیت

شاعیرێکی عاشقم
پێش شیعر
عەشق لە چاومدا هەڵانەی کرد
ئەمستاش
کە دەفتەری شیعرم دەکەمەوە
پەپولەی خۆشەویستی
تەی تەدا هەڵدەفڕێت

خوێنکی زەر گەورەم هەبوو
هەمیشە لە چاوکانم یاخی دەبوو
خوێنم دەبینی
توند توند لە ئامێزت بگرم
ئای چەند تاڵ
ئەم خوێنە گورگی مەرگ خواردی

شیعرکانم هیچ ناڵێن
بزە نین
بە سەر لەوی هیچ فریشتەیەکی زیز
چاوەوانی شەمای جەژوان ناکەن
نا، ئازیزم ئەم شیعرانە
تەنها نرکە نرکی گیانەکن
لە دەمی ئاوابووندا

هەموو ڕۆگاکانم ون کردووە
ئەو ڕۆگایانەی لە باوەشی میهرەبانیی
شەخە ژنەکدا
دەمگەیەنناوە بە خەم
چەند ساویلکانە
هەموو ڕۆگاکانم ون کرد
ئێستا دەزەخ
بیر لە من دەکاتەوە
ژنەک لەنەو خەمدا
بە کوێ بەم دەگریە

ئەو دەمەت لە یاد ناکەم
بە سەزی گەگرتوو
بە بەنی بەهار داپۆشرابوو
پێشکەشی منت کرد
ئەو ڕەحەشم لە یاد ناچێت
گەرانی لە دەڕا و
منی کردە کۆپلەیەکیەوە

من مرۆڤێکی دوو دەم
دەکم
لەناو خەپیشاندا جەماوە
دەکەی ترم
لە تەمتومانی پووچگەرایدا
دەکم
لە کەنانکی عەقاری جەهەشت
دەکەی تریشم
لەم سەحرای سەهەدا بەستوویەتی
تەنیا لە بەرامبەر تە
یەک دەم هەیە
ئەی ئەو ژنەی ماچەکانت
بەنی کانیاوەکی نیشتمانی لەدەت

نەوانم لەگەڵ خەم ناخۆش
ئاگر بە ناخی نەرمم فەر بووە
"با" گاڵتە بە دەواری شەی
تەمەنم دەکا
زەردەواڵە
بە خۆنە ناسکەکانمەوە دەدا
لەگەڵ هەموو ئەم موعاناتەدا
لە ئاوێنەی دەمدا
تەنها ژنەک دەبینم
لەناو زیندانی نوتەکی نەرمکی تردا

عەسرەکی دووشەممە، بە لای مالی باپیرتا گوزەر ئەکەم.. نەوزاد بەندی

وەک ئەوەی مەبایلەکم وون کردبە ،
یان گورزێەک کلیل ،
عەسرەکی دووشەممە
بە لای مالی باپیرتا تە ئەپەم ..
سەبەرەکەم تەماشای ئاسمان ئەکا و
خەم تەماشای زەوی ..
ئەو بە تە ئەگەڵ و ..
خەم بە گورزێەک کلیل
یان بە مەبایلە ، کە ئەگەری هەیە ، وونم کردبە ..
تە منت وونت کردووە و
من ، خەم و ..
خەم ، سەبەرەکەم ..
ئەستا خەک هەموو لەناو ئوتومبیلدان ،

ئەوەی لەسەر شەقامە ،
تەز و خەە و ..
تیشکە ئاگراویيەکانی خەر و
من …
کە بە بە ویستی خەمان ،
عەسرەکی دوو شەممە ،
بەلای مالی باپیرتا گوزەر ئەکەین ..
عەسرەک ، کە لەتاو تەنیایی ،
ەازیم بە هەر شتە ، پیاسەی لەگەە بکەم ..
ەازیم تەنانەت بە شەەە ،
تەنیاییم بشەوێنە و
تیایا شەەە جنەو بکەم ..
تەماشای جوانی تەز و خەە و ..
فەنکیی تیشکی خەر و ..
شنەبای هەەقرچان بکەم ..
ماسی فرۆشە بە تەنیشتمدا ەەت ئەبە ،
ئەەە : بەەی ئەم هەفتەیە
بەغا بینەرە ؟
ئەەەم : چی ؟
ئەەە : موچە ..
ئەەەم : بە ؟
ُئەەە : دوو ەەژە ماسییەکم هەەندەیوە ..
ئەەە : تەیف سامی وتوەتی :
هەتا ناو و شورەتی یەک بە یەکی هەزە ئەمنییەکان نانەرن ،
قەەشەکتان بە نانەرم ..
عەسرەکی دووشەممە بە تەنیشت مالی باپیرتا ،
هەنگاوەکانم ەەت ئەبن ..
هەنگاوەکەم بە هەنگاوەکەی ترم ئەەە :
ئەگەر تەیف سامی بینەرە ،
ئەم ەەگایە پە ئەبە لە هەنگاو ..
هەنگاوی ئەوانەی بە تەنیشت
مالی باپیریدا ەەت ئەبن ..
ماسی فرۆشەکە ، بەگەنی لە دە ،
نازانم هی خەیەتی یان هی ماسەکانی ..چەقەکەی بریسکەی لەوە دە ،
لەوە ئەچە هەشتا دەستی نەچووبەتە خوەنی ماسییەک .. بەو حاەەوە لە
پیاوچاکە ئەچە ، هەشتا قەپاەەکیان نەگرتبە ،ددانەکانی ..
قەرنابیت فرۆشە ، ەەگام پە ئەگرە ،

ئ□□ : تەیف سامی نایندر□ ..!
هەر بەیە ووشک بوون ، گ□□اکانی ق□نابیت ..
تەز گرتوونی ، گیرفانەکانی ..
لەم عەسرەی کە لە نیو□□ ئەچێ ..
لە ژێر ئەو ئاسمانە ئاگراویەی
ئەتوانی سوێند بخۆی ،
قەت بارانی تیا نەباریو□ ..
لە ژێر تەز و خ□□ ، کە نازانی لە کو□ سەری هەڵگرتوو□ و
بە تەمایە لە کو□ بنیشتەو□ …
من بە بە ئامانج بە تەنیشت مامی باپیرتا گوزەر ئەکەم …
هەزە ئەمنییەکان لەداخی تەیف سامی ، داوای ناسنامە لە من ئەکەن
.. زانیارییەکان ئەیسەلمێنن من خ□کی ئەو گ□□کە نیم ..
ئەپرسن : ئەم گوزەرە جێ ئەهێڵی یان داخی تەیف سامیت پێ ب□ژین ؟
کەم□□ منالی سووری ،
بە تەنیشت مامی باپیرتا □□ت ئەبن ،
لە خولەکی سەرتاشینەو□ هاتوونەتەو□، قژی هەموویان هەڵپاچراو□ ..
هەندەکیان لەو□ ئەچێ کاویی هەزە وشکاوەکیەکانیان لەسەر کردبێ ..
هەندەکیان وەک ئەوەی توشی دەردە □□ویی بووبن ..
هەندەکیان پەدەچێ چارەسەری کیمیاییان وەرگرتبێ ..
ئەوان نازانن ئەو گوزەرە مامی باپیری تەی لێیە ..نازانن ئەو
عەسرە ، عەسری دوو شەممەیە ..نازانن من و پشکەی خەر و سەرپەشی
تاریکی تەز و خ□ ، خ□کی ئەو گوزەرە نین ..
ئەوان □ائەکەن لە ترسی ئەوەی برستیی نەیانگەزێ ..
□ائەکەن تا بە دایکیان ب□ن : بە خ□ایی سەریان بە تاشیون و
بە کامەرایش وەنەیان گرتوون و
ئەمشەو لە □یکلامدا نیشان ئەدەن ..
تە نازانی من ئەو عەسری دووشەممەیە ،
بە لای مامی باپیرتا □□ت ئەبم ..
بیشزانی ، ئەتەو□ نازانی ..
پیرەمێردە ، بەو هەموو تەز و خ□ و سەبەر و پرسیار و پشکەی
خەرەو□ ، ئەبێ بە تەمای چی بێ ؟
لەو شەقامەدا ، کە ئیتر درەختی تیا ناو□ ..
لەو گوزەرەدا کە ئیتر کەس ناتوانێ دینارەکی تیا پەیا کا ..
لە د□□قیی هەزەکا ،
سەگ لە ناوەندی شەقامەکەدا ،
بە توت□□ دزراوەکانی ئەقروسکێنێ ..
برستی و تینوێتی و ترسی تا□اقداو□ و ..

سەدان ئوتومبیلی پەکخستووە ،
داوای بەچووکانی ئەکا ،
کە دوو هەفتە پێشتر ،
ئوتومبیلەکی شارەوانی فڕاندونی ..
سەگ تەماشایەکم ئەکا و
سەدان شەفەری
سەدان ئوتومبیلی ڕاوەستاو ،
تەماشام ئەکەن ..
ئەوان نازانن من ئەم عەسری دووشەممەیە ،
وازم لە هەموو کێشەکان هێناوە ..
ئەو عەسرەم تەنها بە ئەوە داناوە ،
کە بە تەنیشت ماڵی باپیرتا گوزەر بکەم ..
وەک شنەبایەک ، کەناراوی وون کردبێ
وەک هەنگێ ، لە پووڕەکەی دەرکرابێ ..
وەک تیرێ ، نەزانێ لە چ کەوانێ دەرچووە و ..
بە چ ئامانجێ هاوێژراوە ..

نەوزاد بەندی

واتایەك بۆ تۆ نادەزمەوە..
شیعری ستار ئەحمەد

گەلای قەسیدەیەك
لە خۆنما هەڵوەری
جەستەم بۆنی هەناسەو
پەرچەمی تۆی گرتووە
گۆمدانی خەزگەم و
خوناوکەی وشە
دڵی عومرم دەنوستەوە
بەهاران بەسەر خاك
نیگای بارانا دەژەم
گۆ بەتەم دەمشواتەوە

شووشەی بەرامەم وردو خاشدەبێت
دەبمە شەهیدی هەناسە
گۆڵە هەناری خوێن
لە جەرگما دەڕوێ
بولبول دەگرێ
هێلانە بەردەبێتەوە
ئاوازی سوور
بەستەی سیا دەگرێنێ
گۆرانی عیشق
بێ مەرگی سێز
پەرچەم دەنێ
تاریکی داگیرمدەکات
دەسووتێم
دڵزەخێك لەدووکەڵا
دەمخنکێنێ
شێدەبمەوە بەنێو گوناهەکانا
لە شێوەی تۆو خێم
کچانی نێو شیعرەکانم
بەبێداری و سرەوتنەوە
تەنها لەخێم دەنێم
دەستێکم رۆحی روناکی هەڵگرتووە
ئەوی دیکەم لە تێ دەگەڕێ
دڵۆپێ باران شیدەکەمەوە
مانایەك بێ نامێیت
وەهامێك بێ نەمانت نادزمەوە
دەگەڕێم
بەدوای هێلانەی کەناریا
تەلبەندی گێ دەمتەنێ
لاسکی گەڵا دەنەخشێنم
خەزان دەمپێشێ
لەرۆحی روناکیا
وردوخاشدەبم
نابیتە مامێك
لەتەنیایتدا بتوێمەوە
لە باڵای هەور دەئاڕێم
ستار ئەحمەد

بۆ تۆ.. شیعری شەهلا نوری

بۆ تۆ
ئەم شارەوەک دەگرێت لێم بۆ تۆ
لەهەر کونجێکی تەنهایی غەیری عەکسی غەمی من و تۆ نابینێت بۆ تۆ
خۆ بارانی شیعرە تا لێو لێواری شار بۆ تۆ
نیلوفەرەکان مانیان گرتوە سەرخۆشی عەتری خۆشی سەردارن سەردار تۆ
ئاسمان ئەشکی گەرمی ئێزیوە و بەحری استغفاری گرتوە بۆ تۆ
شەوانە بەرگی بریقەداری کردووە دەستت قەت لێبڕی ناکەم بۆ تۆ
وادی پڕ لەعیشق و لەجنونە گەلا وەرینە بۆ تۆ
قصەی عیشقی ئێم شارەشەواوە و من درێژە بۆ تۆ

شەهلا نوری